



ڕێبەند سەعدوڵا

# پێگەی ڕۆمان لە نێوان ئەدەب و سینەمادا

بۆرخیس پێی وایە "مەزنترین موڵکی مرۆڤ خەیاڵیەتی"، خەیاڵیش لە یەکێک لە لوتکەکانیدا ڕۆمانمان پێشکێش دەکات، خوێنەری ڕۆمان دەکەوێتە فەزایەکی بەرفرەوانی ڕووداوەکان و تێکەڵی وشە بەوشەی دەقەکە و ئاشنای کەسایەتییەکانی دەبێ، بەڵام کاتێ ئەو دەقە لە ڕەوشی وشەوە دەگوازرێتەوە بۆ ڕەوشی وێنە، ئاستی چێژ بەچ ئاقارێکدا دەچێ؟ ئایا ئەدەبی باڵا تەنیا لە ناوەڕۆکی کتێب و ریزبەندیی وشە و ڕستەکاندا دەدۆزرێتەوە، یان دیمەنەکانی سکرینی سینەماش توانای تەواوکردنی گەیاندنی ئەو پەیامەی هەیە کە لە بنەمادا ڕۆمان بۆی نووسراوە؟

**تێکستی ئەدەبی کە پشت بەهزر و خەیاڵی فرەوان دەبەستێ، تەواو جیاوازە لە بەرهەمی سینەمایی**

تێکستی ئەدەبی کە پشت بەهزر و خەیاڵی فرەوان دەبەستێ، تەواو جیاوازە لە بەرهەمی سینەمایی، چونکە ئەوەی دووەم مەبەستیەتی لە ماوەیەکی زەمەنیی عابر و کورتدا لەسەر ژێیەکانی سۆز و وروژاندنی عاتیفەی بینەر کار بکات و بەخێرایی هەستی بینەر بۆ خۆی کێش بکات، لە کاتێکدا تێکستی ئەدەبی هەستی خوێنەر بۆ خۆی کێش ناکات، هێندەی ئەوەی لە ناو خۆیدا هەستی نوێ بۆ خوێنەر دروست دەکات و لە ماوەیەکی زەمەنیی دووردا کاریگەرییەکانی دەست پێ دەکات.




ڕۆمانی ئەدەبی لە نێزیکەی سێ دەیەی ڕابردوودا بووەتە سەرچاوەیەکی بەبرەوی داهێنانی سینەمایی، ژمارەیەکی زۆری سیناریۆی بەرهەمە سینەماییەکان لەسەر جەستەی ڕۆمانە باڵاکان بنیات دەنرێن، ئەو ڕۆمانانەی دەشێن لە چوارچێوەی شاشەی سینەمادا کۆنترۆڵ بکرێن و ڕووداوەکانی لە سیناریۆیەکی سەرنجڕاکێشدا بەرجەستە بکرێن.

جیاوازی وەزیفەی پێشکێشکردن لە میانی هەردوو پێشاندانی وێنەی دەق و پێشاندانی دیمەنی سینەماییدا، لەو خاڵە ناکۆکەدا درکی پێ دەکرێ کاتێک ڕۆمان لە تەعبیرکردنی ڕووداو و وێنەکاندا پشت بەتەکنیکی گێڕانەوەی ئەدەبییانە دەبەستێ لە ڕیزبەندیی وشەکاندا، لێ سینەما بەجووڵەی ئەکتەرە مەشقدراوەکان لە قۆناخێکی درەنگتردا (مەبەست قۆناخی دوای نووسینەوەی سیناریۆ کە لە دەقی ڕۆمان وەرگیراوە) نەخشەی ڕووداو و دیمەنەکان بەهاوکاریی تەکنەلۆجیای وێنە و کۆمپیوتەر دەگێڕێتەوە.


ئەگەر سینەما زیرەکانە دەقی ڕۆمانێک بگێڕێتەوە، هەندێک جار وا دەکات بینەر شاگەشکە بێت بەهۆی زێتر ئاوێتەبوون و چوونە ناو ڕووداوەکانەوە، لە چاو ئەوەی پێشتر خوێنەری دەقی ڕۆمانەکە بووە و کەمتر هەستی بە وروژان و چوونە ئاستی ئاوێتەبوون لەگەڵ ڕووداوە نووسراوەکان کردووە.

لە هەمووشی زێتر هەست بەجیاوازیی گەورەی نێوان ئەو تابلۆ و کەسایەتی و دیمەنانە بکات کە پێشتر لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا بۆ خۆی وێنای کردبوون، لەگەڵ ئەو تابلۆ و

کەسایەتی و دیمەنانەی فیلمە سینەماییەکە دەیان گوازێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی درک بەدۆزینەوەی گۆشەیەکی نوێی دەقە رۆمانیەکە بکات.

ئەگەر لە پێوەندی نێوان ئەدەب و سینەمادا ئەوە وەبیر نووسەر و خاوەن رۆمانە بالآکان بهێنینەوە کە دوای بلاوبوونەوەی بەرهەمە سینەماییەکانی دەقەکانی سیناریۆیان لە رۆمانێکی ناودار وەرگیراوە و دوای کەمێک چاپی نوێی رۆمانەکە بەوێنەی کەڤەری فیلمەکان دادەپۆشرێن، ئەوا خاوەن رۆمانە بەرزەکان دەترسێنین و وا دەکەین هیچ کات ئامادە نەبن چارەنووسی رۆمانێک بکەنە قوربانی ئەکتەرێکی سینەمایی کە تەنیا رۆڵی کەسێک دەگێڕێتەوە و لە ناخی فیلمەکەدا لەدایک نەبووە.

ئەم حالەتەش لە رۆمانی بەرزی "زۆربا"ی نیکۆس کازانتزاکیس رەنگی دایەوە، لە دەرفەتێکی تردا تایبەت باسی "زۆربا" لە تێکستی ئەدەبی و "زۆربا" لە سکرینی سینەمایی دەکەین.




هەندێک پێیان وایە لە داهاتوودا بەهۆی بالگرتنی زیاتری تەکنەلۆجیاوە وێنەی دیمەنەکان شوێن پێی وشە لەق دەکەن، بەشێوەیەک وەزیفەی چاوی ئەدەبی لە بری وێنەگرتنی وشە ئەندازەییە رەشەکان دەگۆڕێ بۆ دیتنی وێنەی گیراوی رەنگاورەنگی پڕ کاریگەریی تەکنەلۆجیایی ساردوسڕی بێ گیان، ئەمەش مەودای تێگەیشتن تا ئەوپەڕی گەمژەیی نێزیک دەکاتەوە.

Reband@mail.com